# فەرهاد عەونی جوان (الجزیرە) ی پێکا. . .

**سیروان بابان / ئەڵمانیا**
baban5@msn.com

سەرلەبەیانی ۲۹. ۰۳. ۰۳ لەهەولێرەوە پەیامنێری کەناڵی الجزیرەی عەرەبی ( وزاح خنفر) دیدارێکی کورتی لەگەڵبەڕێزفەرهاد`عەونی نەقیبی ڕۆژنامەوانانی کوردوستاندا سازکردکەلەوەلامی ئەوپرسیارەی کەبۆچی کوردەکان گلەیی وسکالآیان لەدژی کەناڵەکەیان زیاد بووە و بەشێوەیەکی خراپ لەوکەناڵە دەنواڕن.

فەرهادعەونی ووتی . لەبەرئەوەی کەناڵەکەتان لەگەڵ دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی ڕزگاری عێراقدا بوەتە دەمڕاستی ڕژێمی بەغدا وڕاستیەکان دەشێوێنێت بەشێوەیەك کە تەنها لە بەررژەوەندی ڕژێمداکاردەکات. . . ئایابۆباس لەوهەمووتاوانانەی بەعس ناکەن کەلەدژی میللەتی کورد ئەنجامی داوەبۆلەئاست قوربانیانی گەلی کوردبێدەنگن؟کەناڵی جەزیرەباس لەکیمیایی بارانی هەڵبجە ناکات باس لەئەنفال وکاول کردنی گوندەکانی کوردستان ناکات بۆلەئاست ڕاستیەکاندا بێدەنگەو تەنها لایەنی ڕژێمی عێراقی دەگرێت؟ بەم شێوەیەئەو بەڕێزە وەلآمیدایەوە.

وە لەبەرامبەردا پەیامنێری کەناڵەکە بەڵێنی دا کەلەمەودوابەدڵی ئێوەدەبین کەئەمەخۆی لەخۆیدادانپیانان بوو بەوڕاستیانەی کەکاك فەرهاد باسی کردن.

دیارەگەلی کورد ئەوڕاستیانەباش دەزانێت. . . وەئەوهۆکارانەی ئەوبەڕێزەئاماژەی پێکردن پرسیارن لەمێشکی هەریەکێکماندا کەبوەتەجێگە نیگەرانی سەرجەم هاولآتیانی کورد جابۆیەجێی خۆیەتی لەئێستاوە*هەڵمەتێك بەرپابکرێت بۆنارەزایی دەربڕین بەرامبە*ریەو پێشێلکاریانەی

ئەو کەناڵەو زۆربەی کەناڵەعەرەبیەکانی دی کە لەراگەیاندنەکانیاندا ڕۆڵی چەواشەکاری وشێواندنی ڕاستیەکان لەبەرژەوەندی ڕژێمی دیکتاتۆردا دەبینن کەئەمەش زۆر دوورە لەڕوشتی ڕۆژنامەگەری وڕاگەیاندنەوە. بۆیە لێرەوە منیش ئەم چەندوێنەیە دەکەمە دیاری بۆکەناڵی ناوبراووزۆربەی کەناڵە عەرەبیەکان بەوهیوایەی بزانن کەناتوانن تاسەر بینەرچەواشە بکەن. و گەر ئەوانیش ڕاستیەکان بشارنەوەیان بیشێوێنن ئەوابەری خۆر بەبێژنگی شۆفێنیەکان ناگیرێت وە هەواڵە دروستەکان بەدووی چاوی بینەردا دەگەڕێن وچەواشەکاران ڕسوادەبن. . .

ئەی کەناڵە بەڕێزەکان ئەی ئەوانەی دەهۆڵی ئازادی بیروڕادەربڕینتان لێدەدا. . . ئەی ئەوانەی دروشمی کەناڵەکەتان ( الرأی والرأی الاخر) بوو ئایا ئەم وێنانەتان نەدیوە گەردیوتانە بۆلەکەناڵەکەتاندا جێی نەبووەتەوە؟ کوا ئازادی بەرامبەرتان ؟. . . . . .

پەیمانەبێت منیش تابتوانم وێنەی لەم چەشنەتان بۆبنێرم تا دان بەڕاستیەکاندا دەنێن یان هەرنەبێت بێلایەن بن لەڕاگەیندنتاندا. . . .

.

ا زۆرنزیکین لەمەرگی دیکتاتۆرەکەی بەغد لەسایەی ئاشتی وئازادیدا ئارام دەژین کێ دوژمنە؟

ئێمە ئەتانپارێزین. . . . پێویست بەچەك ناکات دوای نەمانی سەدام کێ سەربازێکی بەعسی دی هەستی تۆ بەرەوقوتابخانەدەچیت نەك شەڕ مرۆڤانەی هەبێت . .

گەررژێم برسی کردون وائازاددەبن. . . هەموودیکتاتۆرێك ترسنۆکە. . . بەنەمانی سەدام ترسی تۆش تەواو سەدام پلان بۆڕاکردن دادەنێت. . دەبێت. .

*ئەم بابەتەم بەزمانی عەرەبی بەئیمەیل بۆخودی کەناڵی جەزیرەش ناردوە.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت



www.kurdistannet.org
2-4-2003 2:52



















www.kurdi